## پێشینەی هەندێک کەسب و کار لەبۆکان

(بەشی١٤)

### ١٠١. کەمپیوتر و کەرەسەی کەمپیوتر

دیارە ئەوە بابەتێکی گەلێک نوێیە. نازانم کێ یەم دووکانی ئەو کەرەسانەی کردەوە و کەی؟ ئێستا کێ بە کارەکەوە خەریکە و لە کام شەقام و کامە گوزەر؟

ئەگەر من هەواڵی مەسەلەکەم نییە، برای بەڕێزم کاک جەعفەر مەردانبەگی بۆی قەرەبوو کردوومەتەوە و لیستەی ئەم ناوانەی خوارەوەی لە پەیوەندی مەسەلەکەدا بۆ ناردووم:

"شیرکەتی کەمپیوتری سەهل سیستم، خاوەن: حەسەن ئەندیشە؛
شیرکەتی کەمپیوتری رۆژتەک، خاوەن: فاروق فرومەند:
کەمپیوتری ئارایا سێستم، خاوەن: کەریم پورموستەفەوی؛
شیرکەتی کەمپیوتری ئۆستا، خاوەن: ئاغای مەکاری؛
فرۆشگای رایانەیی دانا، خاوەن: موحسین حاجی باپیری؛
شیرکەتی پویش رایانە، خاوەن: شێربەگی؛
شیرکەتی ماد سیستم، خاوەن: رەئووف شامورادی؛
خەدەماتی رایانەی وەفادار،خاوەن کەریم وەفادار."

### ١٠٢. تەلەفون، تەلەفونی مۆبایل

ئەوەش هەر بابەتێکی نوێیە. کاتێ من لە بۆکان بووم دووکانی وای تێدا نەبوو. دەزانم درەنگتر، هێرشی کوڕی کاکم دووکانی ئەو بابەتانەی هەبوو، بەڵام کێ یەکەم کەس بوو و کەی دووکانی ئەوتۆکراوە و ئێستا کێ لە سەر ئەو ڕێچکەیە دەڕوات؟

ئەم ناوانەی خوارەوە کاک جەعفەری مەردانبەگی بۆی ناردووم:

"میلان موبایل، خاوەن: ئاکۆ مەردانبەگی؛
کاج موبایل، خاوەن: دیاکۆ قادری؛
موبایل ئەپل، خاوەن: سۆران رەحیمی؛
موبایل ١٠٠١، خاوەن: محەممەد قازی؛
موبایل ڕێبوار، خاوەن،ڕیبۆار فیزوڵابەگی؛
بایل پاناتیل، خاوەن: ئەمیر ئەمینی؛
ئاوا موبایل، خاوەن:شۆڕش ئەمینی ئازەر؛
پارس موبایل، خاوەن: سیاوەش دهبوکری؛
سرۆش موبایل، خاوەن:عەزیم کەدخودا مەحمەدی."

## ١٠٣. تەعمیری یەخچاڵ و کەرەسەی کارەبایی

ئەم کارە ئەوەندەی بزانم لە زووەوە لە بۆکان هەبووە. کەسانێک وەک کاک عەلی کامەلایی، حەسەنی کامەلایی ، عەلی و محەممەد و عەبدوڵڵا حەڵەبی ڕادیۆ و گڕامافون و زەبتی سەوتیان تەعمیر دەکرد. درەنگتر کە یەخچاڵ و تەلەفیزیۆن و ماشێنی لیباسشویی لە بۆکان پەیدا بوون (وابزانم لە سەرەتای ١٣٤٠ ەکان و کۆتایی سییەکانەوە) کەسانی دیکەش دووکانی تەعمیراتیان کردەوە کە من ناویانم لەبیر نییە بەڵام دەزانم یەکیان فاتیحی سوڵتانی برازامە کە دووکانی چاککردنەوەی ئەو دەزگایانەی هەیە.

کاک جەعفەر مەردانبەگی لیستەیەک لە ناوی ئەو کەسانەی بۆ ناردووم کە ئێستا لە بۆکان کاری چاککردنەوەی یەخچاڵ وکەرەسەی کارەبایی دەکەن:

"تەعمیرگای خوسرەوەی، خاوەنەکەی: کاک عەلی خۆسرەوی؛
تەعمیرگای یەخچال، خاوەنەکەی: عەلی مام باپیر؛
خەدەمات فەننی، خاوەنەکەی: حەسەن سەناعەتی؛
خەدەماتی یەخچال، خاوەنەکەی: برایم شێرزاد؛
خەدەماتی فەننی، خاوەنەکەی سەلاح کەریمی؛
خەدەماتی فەننی سرووش، خاوەنەکەی: ڕەزا قاسم زادە؛
خەدەماتی فەننی سەیوان، خاوەنەکەی: ئەحمەد زەمزەم؛
تەعمیرگای دارخال، خاوەنەکەی: حیسام دارخال."

## ١٠٤. پۆستەی تایبەت، خزمەتگوزاریی پۆستە

کاری ناردنی نامە و شتی تر لە ڕێگای پۆستەی تایبەت واتە غەیرە دەوڵەتییەوە لە مێژە لە ئێران هەیە و من پێش شۆڕشی ١٣٥٧ لە تەورێز کەڵکم لێ وەرگرتووە. بەڵام لە بۆکان کەی و کێ بۆ یەکەم جار دەستیان دایە ئەم کارە؟ ئێستا کێ دەیکات؟

کاک جەعفەر مەردانبەگی دەست نیشانی ئەم ناوانەی کردووە کە لە بۆکان دەفتەری خزمەتگوزاریی پۆستەیان هەیە:

"دەفتەری خەدەماتی پۆستی حەبیبی، خاوەن: ئەمیر حەبیبی؛
دەفتەری پێشخوان دەولەت، خاوەن: داوود جان؛
دەفتەری خەدەماتی پۆستی ئەحمەدزادە، خاوەن: محەممەد ئەحمەدزادە."

## ١٠٥. بلیتی تەیارە فرۆشی

ئەوەش هەر کارێکی نوێیە. کۆماری ئیسلامی لە شارە کوردنشینەکان بۆ نموونە لە موکریان فڕۆکەخانە ناکاتەوە. فڕۆکەخانەی شاری سنەش گەورە ناکەنەوە کە هیچ نەبێ تەیارەی شیرکەتی هومای خۆشیان بتوانێ لێی بنیشێت! خەڵکی ناوچەی موکریان، بە بۆکانەوە، دەبێ بچنە سنە و ورمێ و تەورێز بۆ ئەوەی بە فڕۆکە بچن بۆ ئەم لاو ئەولا. بیستم لە بۆکان خەریکە دووکانێک بۆ فرۆشتنی بلیتی تەیارە بکرێتەوە. ئایا کارەکە سەری گرت و ئێستا شوێنی وا هەیە یان نا؟ نازانم.

کاک جەعفەر مەردانبەگی ناوی ئەم دوو شوێنەی لە پەیوەندی فرۆشتنی بلیتی فڕۆکە لە بۆکاندا بۆ ناردووم:

"ئاژانسی سیروان؛
ئاژانسی پەرواز."

ئەگەر هەڵە نەکەم دەبێ "ئاژانسی ئالان" یش هەبێت کە هێرشی برازام خاوەنیەتی.

## ١٠٦. تابڵۆ نووسین

ئەوە کارێکی هونەری و هی کەسانی خەت خۆشە. لە ڕابردوودا تابڵۆ بە گشتی بۆ دووکانان و ئیدارات دەنووسرا وکارەکە لەسەر وەرەقێکی ئاسنی ڕەنگ کراو بەڕێوە دەبرا؛ واتە هێشتا تابڵۆی نێئۆن و چرادار باو نەبوو و ئەوانەش کە هەبوون لە تارانەوە هاتبوون. کاکم زۆر خەت خۆش بوو و گەرچی تابڵۆنووسینی وەک ئەرک وکار نەدەکرد بەڵام تابڵۆی سەر دووکانی هەندێک کەسی نووسیبوو.
لەوانەش کە وەک پیشە، بەو کارەوە خەریک بووبێتن تەنیا کاک غەفووری ئاشناگەر دەناسم. ئێستا کە قسە لە خەت خۆشی کرا با یادێکیش لە نەمر مەلا ئەمجەدی عوسمانی بکەم. مەلا ئەمجەد خەڵکی قەڵای ڕەسووڵە سیت بوو و گەرچی تابڵۆی دووکانی نەدەنووسی بەڵام گەلێک شیعر و دۆعا و ئایەتی قورئانی بە خەتە خۆشەکەی دەنووسییەوە و لە زۆر ماڵی بۆکاندا شوێنەوارەکانی بە دیوارەوە دەدرا.

ئەوەش ناوی چەند تابڵۆنووسی بۆکان بە پێی نووسینی کاک جەعفەر مەردانبەگی:

"قادر مەعڕوفی؛ کەریم نەججاڕی؛ موحسین حەسەنیانی؛ جەعفەر مەڵامەحمودی"

## ١٠٧. ڕەنگ کردنی دیوار و دەرک وپەنجەرە

لە قەدیمدا دیواری ماڵان سپیکاری دەکرا و لە ماڵی خەڵکی هەژار هەروەها لەگوندەکانیش دۆغاوێکی سپی دەگیرایەوە و بە دیوارەکاندا دەکرا. ڕەنگ کردنی دیوار بە ڕەنگی غەیرە سپی، دیاردەیەکی نوێیە کە هاوڕێ لەگەڵ دروست کرانی ساختمانی تازە و ئاپارتمان سەری هەڵداوە.

کاک جەعفەر مەردانبەگی لەم پەیوەندییەدا ئەم یادداشتە کورتەی نووسیوە وئەم ناوانەی ڕاگەیاندووە:

"عومەر سەقزی (لە حەساری ئیمەدا بوو)؛ سەلاح عابد؛ سدیق فورقانی؛ جەعفەر عەزیزئامان و وەستا عومەری ڕەنگڕێز."

## ١٠٨.   سافکاری و رەنگ کردنەوەی ترومبیل

ئەوە ئاشکرایە پیشەیەکی نوێیە کە ئەوەندەی بزانم لە ساڵانی چل و پەنجای هەتاویدا سەی هەڵدا. یەکەم سافکار کێ بوو؟ یەکەم ڕەنگکار کێ بوو؟

سپاسی زۆر بۆ کاک جەعفەر مەردانبەگی کە بۆشایی زۆری ئەم بەشەی پڕ کردەوە.

درێژەی هەیە